کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

# به یادی 104ساڵی بارزانی نەمر

ئەحمەد دەشتی





هۆبارزانی سەروەری کورد
ئەی دلێر و شامێر وگورد
تۆ هەرماوی له ناو دڵمان
ئەی ڕابەروجوانترین گوڵمان
له یاد ناکەین سەربەرزی تۆ
ڕێی خەباتی شانازی تۆ
تۆسەروەرو گەوره مەردی
جوانترینگوڵی واریکورردی
هۆی خەباتی مەزنی تۆیه
کەوا کوردم سەربەخۆیه
ئەتۆی هێمای بەرزی ژیانی
ڕەمزی کوردو نیشتمانی
کێ هەیه وەک تۆ بارزانی
بوو به قوربان کوردستانی
ئاوا له ڕێی رزگاری کورد
پێشمەرگه بێ ئازاوو گورد
ساتێ ئۆخەت نەکرد لەژین
له ڕێی خاکی دڵ پڕ برین
ئەمڕۆ کەوا یادت دەکەین
باسی مەزنی وبوونت دەکەین
من لەکوێ ڕا دەست پێبکەم
چۆن بکارم باست بکەم
چلۆن شیعرێ بهۆنمەوه
له ئاست تۆیا بیبینمەوه
چۆن دەربڕم هەستی شیعرم
که تا مردن تۆی سەروەرم
دێمه سەر باس به ناوی تۆ
کڕنوش دەبەم بۆڕێگەی تۆ
دەگێرمەوه سەروەری بوون
بەرخودان و گەورەیی بوون
ئەمڕۆ جەژنی بوونی تۆیه
کێ نەیاره ڕەنجەڕۆیه
که شانازی به تۆ دەکەین
دوژمنانمان نەفرین دەکەین
هۆ سەروەره مەتینەکەم
ئەی بارزانی شاسوارەکەم
ئەوا ئەمڕۆ کوردستانم
نەما له چنگ دوژمنانم
وا سەدو چوار ساڵه دیاره
ئەمڕۆجەژنه لەم هەواره
پیرۆزدەکەین له دایک بوون
ڕۆژیمەزنی سەروەری بوون
ئەمڕۆ کوردستان ڕزگاره
سەربەخۆیی کوردو واره
له سایەی تۆیه بارزانی
وا دەبینین کامەرانی
ئاڵای کوردم کەوا بەرزه
به هۆی تۆیه ئاڵام تەرزه
وەپێش دەخەین کوردستانمان
به تەکنیک و به زانستمان
موژده له تۆ ئەی بارزانی
ڕزگاره کورد وا له ژیانی
بۆ پێشەوه ئێمەش دەڕۆین
سەربەخۆیی دابین دەکەین
چەپکه گولان ڕا دەبەستین
جەژنه دەگرین ڕادەوستین
له سەر گلکۆی بارزانیمان
موژده دەدەین به نەمرانمان
سەربەخۆیه واخاکی کورد
کێ دوژمنه ئەمڕۆکه مرد
دوژمن له خاکمان دەنێژین
سرودی بەرزی کورد دەبێژین
هەزار هەزار سڵاوی پاک
بۆشەهیدی سەربەرزیخاک
بۆ بارزانی و گشت یارانی
بۆ ئیدریس و هەڤالانی
*

به یادی 104 ساڵی له دایک بوون  پیشکەسه به گیانی پاکی  بارزانی نەمر ئەو گەروه مەردەی که تا ژیا بۆ کوردو کوردستان خۆی بەخت کرد.